سەرکردە ئەندێشەییەکان گرۆێرەک بەبەرکێدەکەن
دەووچاویان بە ئاوی چارەسەر بخەمسێ
لەو وەرزی بینەونییەدا،
بینەوبەردەدا..
بارستاییەکی لووتکە پڕ، چارپەلبەسترای
داشدامەی چەرخی گەڕەلاوژێی راستۆکییە..
رستەی گەردەن گردەوگرد
پەتی هەریری سێدارە، پردی ئەندێشە، داوی ڤیان
داوەڕستی چورچەی بێزاخ و گومڕایە
لە جۆمەوە ئاسۆ تەرخ
جۆمەک، دوو جۆم، دە جۆم... لە شارەک تەختەکەین
چەنەلێدەری لاجانگ هەرپەرمی
لە بەردەوە بنار ڕەق
بەردەک، دوو بەرد، دە بەرد... لە شارەک ڕێکەخەین
درخێوراوەی ریچەی چوێرووێڕ.
لێوڕانابینم
جەستە پەنگری گیان خۆرەمێشیی
لە نەوراییەکرا لۆ یەکەکیدی
ڕەوت؛ بازنەیی .. تەکان؛ قۆناغی پاشەوپێشە...

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەوویە جەزرەبە !
پەتی هەنگرِان و پەتای ناگزووریی
چندرای یەک داون
حەزی تامەزرۆ و ئایدزی مەرگ
جمکەی یەک دەردن
جەستەی شەکەت و کەلەشی زەغەل
بەری یەک بارن...
ئەری کێهان مرۆڤگەل بەدوو قەلقەلاشک دەکەون
تا بە سیکاردەکی کول و ژەنگاویی
مێخەکی مۆخی ناخیان داغ بکەین؟
خەریکە سێدارە بگوازیتەوە
لەباتی مێگەلی مرۆڤ
نان و گور و چرا،
ئەرێ ئەوە نیشتمانە یان زێدی سۆزگبوون !؟
ئەرێ ئەوە ئاوات و ئامانجە
یان دوورگەی ئەندێشەئامێز !؟
ئەرێ ئەوە نیشتمانە یان زێدی سۆزگبوون !؟
١٩٩٣
هەولێر



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ڕەنگە وێکڕای هەر جوولەکو هەنگاوەکت
وێکڕای چرپەی کێهان بەشی لەشت هەیە
نیگایانم تێکچڕژابن، دایانبەستبیتە سەمایەک..
یان هیچ نەبی ؛ دەی قیڕسی
خۆم دایتەبەر گێژەلوولکەی هورە و بارەش
بەشکەم ئێە ..جارەک لەجاران
بە قەدپار و قوتکەت کەوم .. هەرقۆزمەوە
ئەوساش هێدی ؛ هێدی.. هێدی،
لەسەر خرێ و نسێیانت نەتران دەم و بخزێمەوە،
بەران هیچ دەمەک نەمتوانی و هەر ناشتوانم
لەسەر مێزی هەڵپەرستیی پەنجەی ئەسپێکوژەم مۆرکەم
داوداوی پرچم دەرینم
دوو گوریسی هەندی بەژنت بهۆنمەوە..
بە ریشار و ماسولکەی لەش
چارشەوەکی نەرمونیان بچنمەوە..
لەو چارشەو و گوریسانەش .. جۆلانەکت لۆ چێبکەم



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

٢١ - ڕەهایی ............... ٩٨
٢٢ - ئۆقرە ............... ١٠٠
٢٣ - ڕۆنتر ............... ١٠٢
٢٤ - دەنگدانەوە ............... ١٠٣
٢٥ - لێوڕانابینم .. ............... ١٠٤
٣٦ - ئاوازی نان ............... ١٠٧
٢٧ - وەرسووڕان ............... ١٠٩
٢٨ - نۆژەن ............... ١١١
٢٩ - ئەشكەنجە ............... ١١٣
٣٠ - هەمیشە زیندان ............... ١١٥
٣١ - هەڕەت ............... ١١٧
٣٢ - پایز ............... ١١٩
٣٣ - بێبایەخیی ............... ١٢٠
٣٤ - ناوان ............... ١٢١
٣٥ - پرسنامە؟ ............... ١٢٢
٣٦ - حەقدەی چار ............... ١٢٣
٣٧ - ڕاسپاردە ............... ١٢٤
٣٨ - شێست و پێنج بروسکە هۆنراوە لۆ یەک تروسکە کیژ ............... ١٢٥
٣٩ - پێنج بروسکە هۆنراوە لەپشت پێنج تارمایی ............... ١٩١
٤٠ - لێرە و لەوێ ............... ١٩٩



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

